www.kurdistannet.org
22:00 17-10-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نەخۆشی لەش و گیان نیم نەخۆشی دەستووری هەرێمی کوردوستانم ... باوکی هەلۆ گەرمیانی

25-رەزبەر-2706 ك

کاتێ کەدەستوری عێراق دەرچوو برادەرێکم تەلەفۆنی بۆکردم و فەرمووی گەرئەتەوێ چاوێك بخشێنی بەودەستورەی لەعێرقدا نوسراوەتەوە ئەوا بۆت ئەنێرم؟؟ تۆزێ بێ دەنگ بووم بیرم ئەکردەوە چۆن وەڵامی بدمەوە بەچ زمانێك بیدوێنم یەکسەر برادەرەکەم فەرمووی هەلاو هەلاو ئەوە لەسەر خەت ماوی زەردە خەنیەکم لێ دەرکەووت و وتم بەلێ وەك خوالێ خۆشبوو خالە لەرەجەب فەرموویەتی (چۆلەکە لەسەر تەلەو رەجەبیش لەسەر تەلەفۆن) بەلێ ماوم بەڵام نازانم بەچ زمانێك وەڵام بدەمەوە، تۆزۆر باش ئەزانی ئەو دەستورە هی عێراقی عەرەبە ئێمەی کوردوستانی چ پەیوەندیە کمان هەیە بەوانەوە بەڵام بلێین چی لەپاش 80سال شۆرش و شەهید دان وکیمیا باران و ئەنفال و کاول کردنی شارو شارۆچکەی کوردوستان بە دەستی رژێمە عەرەبە شۆڤێنە یەك لە دوایەکەکانی ئەم 80 سال حەکم رانیەی عێراقەوە کورد ئەنالێنێ بەڵام تازە لەپاش روخاندنی دیکتاتۆر و نەمانی حوکم رانی لەعێراق سەرکردەکانی کوردوستان بە پەلە گەیشتنە بەغدا و دەستیان دایە دەستی عەرب بۆئەوەی شکست نەهێنن و زووهەل سنەوە و رژێمێکی تر وبەناوێکی ترەوە درووست بکەن وەداوای یەك پارچەیی خاکی عێراقیان کردو بۆیان سلماندن کەکورد پاش ئەو هەموو زولم و زۆرداریە هەربرای عەرەبە و برایەتیمان بە هێزتر ئەکەین؟بەڵام عەرەبە شۆڤێنیەکان ئەم هەلەیان بەفرسەت زانی و خۆیان بەخۆیان ئەوت کەس نەی ناردوە بەدوای کوردا بێ بۆ بەغداد ئەی بۆ هاتوون وادیارە ئەوان ناتوانن بەبێ ئێمە بژین و حەز ئەکەن یارمەتی هەمووکەسێ بدەن گەر لەسەر حسابی خۆشیان بێ کەواتە با ئەم هەلە بقۆزینەوەو وەمادام رێژەی عەرەب زیاترە لەرێژەی کورد لەعێراق دا ئەوا هەر ئێمە براگەورەو ئەوانیش برا بچوك. وەلەکاتی نوسینەوەی ئەم دەستورەی عێراقدا بەس بەتەنها دلی کوردیان بەمادەی 58 خۆش کردوە ئەویش بۆ جێ بەجێ کردنی ماوەیەکی زۆریان داناوە بۆئەوەی بەتەواوی خۆیان جێگیر بکەن ئینجا دوای قسەی بۆئەکەن. برادەرەکەم قسەکانی پێ بریم وفەرمووی کاکەگیان داوای لێ بووردنت لێ ئەکەم بەڵام انشا اللە کەدەستوری هەرێمی کوردوستان دەرچوو بۆت ئەنێرم، منیش پێم ووت زۆر سوپاس ئەو دەستورەی کوردوستان من خۆم بۆت ئەهێنم و بەیەکەوە سەیری ئەکەین. رۆژگار هات ورۆژگار رۆیشت دەستوری هەرێمی کوردوستان نوسرایەوە و نوسخەیەکە بەدەست گەیشت بەپەلە تەلەفۆنم بۆ برادەرەکەم کردوو پێم ووت کەی کاتت هەیە بێم بۆلات و سەیر دەستورەکەی خۆمان بکەین فەرمووی هەفتەی ئایندە؟ منیش خۆم دەستم کرد بە خوێندنەوەی دەستورەکە بەوردی دووکەرەت خوێندمەوە ووتم کەکەوتینە باسکردن با هەموویم لەبەربێ، بەڵام بەداخەوە ئەوەی تەنها دل خۆش بوو هەر سنوری کوردوستان بوو ئەویش لەسەر کاغەز نوسراوە نەك لەسەر زەوی جێ بەجێ بکرێ وەهەتاماوین ئەبێ بلێین ئەوەیە سنووری کوردوستان. ئیتر هەموودەستورەکە گرێ دانێکە بەعێراقەوە وەهیچ
سەربەستیەکی تیانیە بۆکورد وەك بەشێکی فیدرالی بێت لەناو وولاتێکی بەناو فیدرال دا وەهەموو ی گرێ بەستە بە ئیدارەی عەرەبەوە لەبەغداد؟ لەوەئەچێ ئەوەی دەست رۆیشتوو بوە لەناونوسینەوەی دەستورەکەدا ( (مجلسی تەشریعی وتەنفیزیەکەی کۆنی بەبیر هاتۆتەوە) ) بۆیە هەموو کارەکانی گرێ داوەتەوە بە عێراقەوە کەواتە ئیستاو جاران چی فەرقە خۆجارانیش گەر کارێك هەبوایە لەسلیمانی نوسراویان ئەنارد بۆ هەولێر بۆ مجلس ئەوانیش لەگەل نوسراوێکی خۆیاندا ئەیان نارد بۆ بەغداد، کەواتە ئیستاش پەرلەمان بۆهەرکارێك لەکوردوستان ئەبێ رەزامەندی بەغداد وەربگرێ ئینجا ئەوکارە

جێ بەجێ ئەبێ؟کەواتە پەرلەمان گەر نەتوانێ گرێ بەستێ بکات بۆ بوژانەوەی ژیانی کورد لەکوردوستان و ئاوەدان کرنەوەی کوردوستان لەگەل کومپانیا جیهانیەکاندا کەواتە ئیشی چیە ئیتر ئەوان بۆ زەحمەت ئەکێشن و لە کۆشکی پەرلەمان بەبێ کارەباو مولیدە بەوگەرمایە کۆبوونەوەئەکەن لەزستانیش دا ئەبێ بەرگەی سەرما بگرن کەواتە مووچەکانیان وەر بگرن و لەمالەکانی خۆیان دانیشن چونکە ئەوان هەرئەتوانن بەرگەی گەرماو سەرمای ناو کۆشکی پەرلەمان بگرن. بەلاّم ناتوانن بەرگەی دەنگ وهاواری کوردوستانیان و دایکی شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران بگرن. ئیتر هەر دوعام ئەکرد و خێرم قەرار ئەدا برادەرەکەم مەجالی نەبێت و تەلەفۆنم بۆبکات و پێم بلێ وەرە باسەیر دەستورەکەی هەرێم بکەین؟بەلاّم لەبەر بێ بەختی خۆم نەخۆش کەوتم و پێی زانی هات بۆلاّم وەدووسێ برادەریکەشم لابوو هاتە لای سەرمەوە پێی ووتم بەخوا من بزانم نەخۆشی دەردو دەرمان نیت ئیتر بۆ سەریشت لەم دکتۆرە بەسزمانانەی ئێرەشت تێك داوە بۆ بەئاشکرا پێیان نالێیت من نەخۆشی لەش وگیان نیم نەخۆشی دەستووری هەرێمی کوردوستانم وە ووتی ها هاورێ گیانەکەم چ جیاوازیەك هەبوو لەنێوانی ئەو دوودەستورەدا ئەوەدەنەبێ کورد کارەکانیان گرێداوەتەوە بە عەرەبەوەو عەرەبیش خۆی کردۆتەوە بەئاغا. وەفەرمووی هیچ خوفەت نەخۆی ئەوە هەرتۆی نەخۆش نەکردوە دووربێ لە بەرێزت ممکنە زۆر کەسی دلسۆز بە خاك و خوێنی شەهیدان لە داخا دلیان لەلێدان وەستابێ و کەسیش نەی زانیوە هۆکەی چی بوە وا کۆچییان کردووەو رۆحیانەتەکانیان رۆیشتۆتە بەر قاپی یەزدان و سکالاّی کوردوستانیان و دایکی شەهیدان و ئەنفال وکیمیا بارانیان بردوە لەدەست دەستورەکەی هەرێمی کوردوستان؟؟؟؟